## هەڵسەنگاندی کتێبی: سەدەیێک خەبات لە پێناوی زمانی کوردیدا:

## تیۆری، سیاسەت و ئیدەئۆلۆژی

### ناساندن و ڕەخنە: ماڵی کتێبی کوردی



زبان اثر: کُردی

نویسنده: دکتر امیر حسن پور

انتشارات: بنکه ی ژین

چاپ اول: ۲۰۱۵

### زمان لە نێوان سێکوچکەی: سیاسەت، تیۆری و ئایدۆلۆژیدا

هەڵسەنگاندنی کتێبی "**سەدەیێک خەبات لە پێناوی زمانی کوردیدا**: تیۆری، سیاسەت و ئیدەئۆلۆژی" نووسینی دوکتۆر **ئەمیر حەسەن پوور**

@KURDISHLIBRARYHOUSE

"سەدەیێک خەبات لە پێناوی زمانی کوردیدا..." کتێبێکی ٢٥٥ لاپەڕەیی لە قەوارەی مامناوەندی(وەزیری)دا، کە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە چوار بەش لە خۆ دەگرێت. چوار بەش کە لە ڕوانینی یەکەم دا و بە پێی سەردێڕ و کاتی نووسین بابەتی لێک دابڕاو دێنە بەرچاو و تەنیا دوای ئاوڕدانەوە و پیاچوونەوەی بابەتیانە هێڵی پەیوەندی و پێکەوە بەستراوەییان دەردەخەن.

بەشی یەکەم بە ناوی: "سەرەتا: زمانی کوردی وەک گۆڕەپانی خەباتی سیاسی و ئیدەئۆلۆژی" لە ٦٦ لاپەڕە پێکهاتووە. لەم بەشەدا نووسەر لە پیاچوونەوەیەکی مێژووییدا، بە دەستنیشانکردنی خاڵە گرنگ و کاریگەرەکانی مێژووی سیاسی کورد لە سەدەی ڕابردوودا، تیشک دەخاتە سەر چارەنووسی زمانی کوردی لە پانتایی ئەو گۆڕانکارییانەدا.

هەژاریی تیۆریک و لاوازی مێتۆدی زانستی و زمانناسانەی ڕەوتی مێژوویی خەباتی زمانی کوردی و تێکەڵاوبوونی بابەتە زمانەوانییەکان بە ئایدۆلۆژیە باوەکانی ڕەوتی سیاسی و ڕۆشنبیری کوردی یەکێک لەو مژارانەیە کە نووسەر بە هێنانەوەی چەندین بەڵگە و نموونە ئاوڕی لێدەداتەوە و لە سەروبەندیدا باس لە "ئیدەئۆلۆژییە زمانییەکان" دەکات.

بەڵام ڕوانگەی نووسەر لەم بەشەدا خۆی تەنیا بە هەڵسەنگاندنی فەزا گشتییەکەوە نابەسێتەوەو و بە خستنە بەر پرسیاری چۆنییەتی و شێوازی کاردانەوەو و کردادری سوژەی کورد بە تایبەت ڕۆشنبیران و نووسەران و



@KURDISHBOOKHOUSE

تێکۆشەرانی بواری زمان و وێژەی کوردی بابەتەکە لە تاک ڕەهەندی قوتار دەکات و هاوکێشەیەکی چەند لایەنی دەورووژێنێت.

دامەزراندنی یەکییەتی سۆڤییەت و سیاسەتەکانی بەرامبەر بە نەتەوە و زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان، دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیا و سیاسەتەکانی بەرانبەر بە کورد و زمانی کوردی، سەربوردەی کورد لە مێژووی سیاسی وڵاتی عێراق هەر لە دەوڵەتی ئینتیدابەوە تا دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دواتریش ڕووخانی دەوڵەتی بەعس و بە ڕەسمی بوونی زمانی کوردی لە عێراقدا، هەروەها چارەنووسی زمانی کوردی لە وڵاتی ئێران دا، هێڵە کاریگەرەکانی ئەو مێژووە پڕ هەوراز و نشێوەن.

گۆڕینی ناکۆکی نێوان کوردی و عەرەبی (وەک زمانی دەوڵەت و دەسەڵات) بە ناکۆکی نێوان کوردی و ئینگلیزی وەک زمانی هەرە بەهێزی زانست و کولتوور و ئابووری، دوای دامەزرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، و ئاوڕدانەوە لە دەرهاویشتەکانی ئەو گۆڕانکارییە لە بازنەی نەزمی ئابووری سەرمایەداری دا، یەکێکی دی لەو پرسە گرنگانەیە کە نووسەر تیشک دەخاتە سەری و دەیخاتە بەرباس.

تۆمار نەکردن و لێکنەدانەوەی زۆربەی بەڵگە و سەرچاوەکانی مێژووی خەباتی یەک سەدەیی زمانی کوردی و گرنگی پێداچوونەوەیان هۆکارێکن کە نووسەر هان دەدەن تاکوو لەو پێناوەدا هەوڵی خۆی بدات. لەم ڕووەوە

وتووێژکردن بە سەرچاوەیەکی باش دەزانێ بۆ زیندووکردنەوەی بەشێک لەو زانیارییانەی کە تۆمار نەکراون یان فەوتاون. لە درێژەدا وتووێژی ساڵی ١٩٧٦ی لە گەل تۆفیق وەهبی دا بە یەکێک لەو بەڵگە بەسوودانە ناودەبات و وەک بەشی سێهەمی کتێبەکە دایدەنێت.

باسکردن لە چۆنییەتی و هۆکارەکانی دابەزاندنی دووبەشی کۆتایی کتێبەکە واتا وتووێژی تۆفیق وەهبی و نامیلکەکەی محەمەد ئەمین زەکی لە دووتوێی ئەم بەرهەمەدا بەشێکی دی لە ناوەڕۆکی بەشی یەکەم لە خۆ دەگرن.

بەشی دووهەم، واتا "پێشەکی: تەقەللا بێسوودەکانی دوێنێ و ئەوڕۆ" بریتیە لەو پێشەکییەی کە پێشتر بۆ کتێبی "گوتوبێژێکی دەگمەنی تۆفیق وەهبیی و خوێندنەوەییێکی ڕەخنەگرانە" نووسرابوو بەڵام لەو کتێبەدا چاپ نەکرا و دواتر تێکڕای وتووێژەکە خراوە دووتوێی بابەتەکانی ئەم کتێبەوە.

لەم پێشەکییەدا نووسەر باسی دۆخی هەنووکەیی زمانی کوردی دەکات و بابەتە جۆراوجۆرەکانی وەک؛ زمانی کوردی لە بەستێنی ئازادی سیاسی و حکومەتی کوردی، کاریگەری ئامرازە نوێکانی ڕاگەیاندن و میدیا گشتییەکان لە سەر زمان، کێشە ناوخۆییەکانی (زاراوە و لەهجەکان) زمانی کوردی و هتد دەکات. ئەو بابەتانەی کە بە گوێرەی هەل و مەرجی مێژوویی نەچوونەتە دووتوێی مژارەکانی تۆفیق وەهبی و رۆشنبیرانی ٢٠ەکان و ٣٠ەکانەوە، کەچی بە ڕای نووسەر ڕۆشنبیران و کاربەدەستانی حکومەتی هەرێم ئێستا بە پێی ڕێباز و بۆچوونی ئەو سەردەمە ڕووبەڕووی کێشەکان دەبنەوە. لە درێژەیشدا ئاماژە بەوە دەکات کە دەبێت ئارستەی پرسیارەکانمان لە چ بوو؟ و چی کرا؟ و کێ چی گووت؟ بۆ هۆکارناسیی

@KURDISHBOOKHOUSE

خەسارەکانی ڕەوتی هاوچەرخی زمانی کوردی و کێشەکانی بە ستانداردکردنی بگۆڕین.

بەشێکی دی ئەو پێشەکییە باسی لێکۆڵینەوەکانی نووسەرە لەمەر ستانداردکردنی زمانی کوردی کە لێکۆڵینەوەیەکە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی زمان و زماناسی کۆمەڵی و سیاسەتی زمانییەوەو، بۆ سەردەمی خوێندنی لە ئەمریکا (١٩٧٦) و تێزی دوکتوراکەی دەگەڕێتەوە و تێیدا باسی کێشە و ئاستەنگەکانی وەها لێکۆڵینەوەیک بە تایبەت وەدەستخستنی سەرچاوەکان لەو سەردەمەدا دەکات. دواتریش دەچێتە سەر چەمکی بە ستانداردکردنی زمان و باسی کێشە و ڕەهەندەکانی زمانی کوردی لە بازنەی بەستانداردبووندا دەکات.

هەر لەم بەشەدا نووسەر بە هێنانە ئارای باسی چەندین هەوڵ و تەقەلای مێژووی خەباتی زمانیی لە باشووردا، تیشک دەخاتە سەر ئەو چالاکیانە و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکات .

نووسەر سەبارەت بە هۆکاری لە چاپدانی وتوویژەکەی لە گەڵ تۆفیق وەهبی دا دەڵێت: "بۆ من باسی ئەو وتوویژە، باسی تێکۆشانی تۆفیق وەهبی لە بواری زماندا، کای کۆن بە باکردن نییە. لەئەو پێشەکیەدا باسی ئەو ڕابردووویە باسی ئەوڕۆ و داهاتوویە"...

بەشی سێهەمی کتێبەکەش لە ژێر ناوی: "وتوویژێک لە گەڵ تۆفیق وەهبی، لەندەن، ٢٨ی تەممووزی ١٩٧٦" بریتیە لەکۆی ئەو وتوویژەی تۆفیق وەهبی لە سەر بارودۆخی زمانی کوردی لە دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق و تێکۆشانەکانی خۆی لە پێناو ستانداردکردن و گەشەی زمانی کوردی، کە بە گشتی کۆمەڵیک چالاکیی زانستی و زمانەوانی و سیاسی لە خۆ دەگرێت.

"دوو تەقەلای بێسوود" وەکوو بەشی چوارەم و کۆتایی کتێبەکە بریتیە لە نامیلکەیەکی پێکهاتوو لە دوو عەریزەی محەممەد ئەمین زەکی کە بۆ ساڵانی ۱۹۳۰-۱۹۳۱ز دەگەڕێتەوە و لە ساڵی ۱۹۳۵یش دا لە بەغدا لە چاپ دراوە.

محەممەد ئەمین زەکی لەو عەریزانەدا کە بۆ مەلیک فەیسەڵ و مەندووبی سامی نووسراون، ڕەخنە لە لایحەی لوغاتی محەللی لە عێراقدا دەگرێت و بە هۆکارێکی دەزانێت بۆ بە یاساکردنی سیاسەتی ڕێگریکردن لە گەشە و تەکامولی زمانی کوردی، کە لە ئاکامیشدا حکوومەت نەک تەنیا وڵامی ئەو داخوازییانە ناداتەوە بەڵکوو ڕێ بە بڵاوبوونەوەی کتێبەکەش دەگیرێت و بەم بۆنەوە ناوی تەقەلای بێسوودی لەسەر دادەنرێت.

### ❖ ڕەخنە و هەڵسەنگاندن:

کتێبی "سەدیێک خەبات لە پێناوی زمانی کوردیدا..." لە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە جێی چەندین مشت و مڕ و بابەتی ڕەخنەییانەیە کە لە درێژەدا ئاماژە بە هێڵە گشتییەکانی دەکەین.

سەرەتا لە ڕووی فورمی کتێبەکەوە، لە داڕشتنی چاپی ۲۰۱۵دا، لەدانانی ژمارەی لاپەڕەکان لە بەشی پێرست دا هەڵەیەک ڕووی داوەو ژمارەی لاپەڕەکانی ناو پێرست لە گەڵ دابەشکاری ناوەڕۆکی کتێبە زۆر جیاوازە و هەڵە ڕوویداوە.

بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆک و ڕەخنەی بابەتیانەوە، ئەگەر هەر لە سەر ناونیشانی کتێبەکەوە دەست پێبکەین، "سەدییێک خەبات لە پێناوی زمانی کوردیدا: تیۆری، سیاسەت و ئیدەئۆلۆژی" لە دیدی یەکەمدا و بە پێی پلەی زانستی نووسەر ئەو چاوەڕوانییە لای خوێنەر دروست دەکات کە لە ناوەڕۆکدا ڕووبەڕووی خوێندنەوەیەکی پشت ئەستوور بە چوارچێوی تیۆریک و میتۆدیک دەبێتەوە، لە کاتێک دا کە کتێبەکە وێڕای وروژاندنی زۆر بابەتی چارەنووسساز لە بواری زمانی کوردیدا و دیاریکردنی سێکوچکەیەکی گرنگ بۆ هەلسەنگاندنی ڕەوتی مێژوویی زمانی کوردی و هەروەها ڕەخنەگرتن لە لاواز بوونی لایەنی تیۆریک و مێتۆدیکی ئەم خەباتە زمانییە، خۆی وەک بەرهەمێکی ڕەخنەگرانە لە چوارچێوی گێڕانەوەیەکی ساکار دەرنەچووەو، و نەیتونیوە داڕشتەیەکی زانستی بۆ پۆلینکردن و خوێندنەوەی مێتۆدیک و تیۆریکی مژارەکانی بگرێتە بەر. لە کاتێک دا کە وەها ناوێک دەبێت تێکڕای خوێندنەوەی مێژوویی و گێڕانەوەیەکی تێڕ و تەسەل، خوێندنەوەیەکی بابەتیانە و تیۆریک لە ناوەڕۆک پێشکەش بکات و بە مێتۆدێکی زانستینانە و دابەشکارییکی مانادار، هێڵ و قۆناغە گرنگەکانی سەدەیێک مێژووی زمانی کوردی لە بازنەی سێکوچکەی تیۆری، سیاسەت و ئیدەئۆلۆژیدا دیاری بکات و بە ڕوانگەیەکی هۆکارناسانەوە تیۆریزەی بکات.

لە ڕوویەکی دیکەوە "سەدییێک خەباتی زمانی کوردی" سەردێڕێکە کە بە شێوەیەکی بەرفراوان هەموو زاراوە و بن زاراوەو وشێوە نووسینەکانی کوردی و کۆی ئەو چالاکیانەی لەو پێناوەدا کراون لە خۆ دەگرێت، لە کاتێکدا کە لە ناوەڕۆکی کتێبەکەدا ئەزموونی هەرێمی کوردستانی عیراق مژاری سەرەکییە و بەشەکانی دی ئاوڕێکی ئەوتۆیان لێنەدراوەتەوەو ئەمە لە خۆیدا ناهاوسەنگی نێوان ناوی کتێب و ناوەڕۆک دروستدەکات.

جێی ئاماژەیە کە هیچ ڕەخنە و بۆچوونێک ناتوانێ لە قورسایی ئەم کتێبە وەک بەرهەمێکی گرنگی بواری زمانی کوردی کە هەڵگری کۆمەڵێک زانیاری بەسوود و ناوازەن کەم بکاتەوە. پێویستە خوێنەران زیاتر وەک سەرچاوەیەک بۆ ئاشنابوون بە هەوڵ و بەرهەم و بۆچوونەکانی نووسەر (ئەمیر حەسەنپوور) لەم کتێبە بڕوانن، هاوکات کتێبێکی پڕ ناوەڕۆکە لە ڕووی ئاشناکردنی خوێنەر بە سەرچاوە و لێکۆڵینەوە گرنگەکانی بواری زمانی کوردی.

- به یادی ماموستای پایەبەرز د.ئەمیر حەسەنپووڕ کە تا دواساتەکانی ژیانی لە خەباتی زمانەوانی و ئاکادیمیک بەردەوام بوو

**این متن به صورت اختصاصی جهت انتشار در کانال خانه کتاب کُردی به نگارش درآمده است و هر نوع بازنشر آن با ذکر منبع «کانال خانه کتاب کردی / kurdishbookhouse@ مجاز می باشد.**

**آدرس تلگرام خانه کتاب کردی:**

**https://t.me/kurdishbookhouse**